# پیروزی ئیسلام

گۆڤاری بزوتنەوەی موسڵمانانی کورد ژمارەی ٣ ساڵی ١ ١٤٠٢هـ



## لەم ژمارە یەدا


١ـ ووتەی ژمارە:
باڵە خۆمان زیاتر شت بە کەس نەبەستین ٣
٢ـ خەوێکی خۆش ٦
٣ـ مرۆڤ لە قورئانی پیرۆزدا ٧
٤ـ چاوپێکەتنێك لەگەڵ
حجەالاسلام والمسلمین شێخ حاتەمیدا ٨
٥ـ ڕژێمی بەعس ڕژێمی تیرۆرو پروپاگەندە ١٠
٦ـ گرنگیەتی و ڕۆڵی ڕێکخستن (تەنزیم) ١٢
٧ـ پێشمەرگە ١٣
٨ـ دەنگو باس ١٤
٩ـ کۆمەڵە دەسکردەکانی جیهان و راستی ١٦
١٠ـ دروست بوونی مرۆڤ ١٨
١١ـ ئیسلام روناککەرەوەی دڵان ١٩
١٢ـ ئەدەب و شۆڕش ٢٠
١٣ـ هەندی یاسای پارتیزانی ٢٢
١٤ـ نامەیەك ٢٤
١٥ـ کوردستان و ئیسلام ٢٥


بسم الله الرحمن الرحيم

نصر من الله وفتح قريب
صدق الله العلي العظيم




# پیرۆزی ئیسلام


گۆڤاری بزوتنەوەی موسڵمانانی کورد ژمارەی ٣ ساڵی ١ـ ١٤٠٢

ئەم گۆڤارە لە لایەن بزوتنەوەی عولەمای ئاینی عراق / بزوتنەوەی موسڵمانانی کوردەوە دەرئەچێت.

ناونیشان .
ایران ـ تهران ص ـ ب / ١٦٣٦ / ٤١


ووتەی ژمارە

# باڵە خۆمان زیاتر پشت بە کەس نەبەستین

خوێنەرانی بەڕێز :

ئەزانن کە لە جیهانی ئەمرودا زۆری کە هەن کە وەك ئێمە لە ژێر نێچزەی زوڵمی زۆرداراندان وگوند و ئاوای ـ یان ئەرۆخینەیرێ وەك چۆن گوند و ئاوایی ئێمە ئەرو ـ خێندرێ ، مندالەکانیان ئەکوژرێ وەك چۆن منالەکانی ئێمە ئەکوژرێ ، لە مالەکانیان دەرئەپەرێنرێن وەك چون ئیمە لە مالەکانماندا دەرئەپەرینرین ئەم جۆرە کەسانە بلاو بونەتەوە لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم گۆی زەوییە لە خوارووی لبنان ، کە بەیانیان لەسەر دەنگی فروکە شەڕکەرەکان وەوجا لە خەو هەلئەستن وە بە گوللە تۆپەکانی ئیسرائیل ئەخەون .

مناڵەکانی خوارووی لبنان بە هوی بومبای بوکە شووشەوە پارچە پارچە ئەکرین . هەمان جورە خەڵك لە ئەفغانستان هەن سوپای ئەفغانی ـ روسی هاوبەش تەر و ووشك ئەسوتینن هەمان بابەت وهەمان شت لە فەلەستینی خوینراوی و خوارووی ئەفریقا وئەریتیریا وفلیپین لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە .

لە وولاتی کوردستانی برینداری خۆشماندا ئەوە ئاشکرایە کە بە چەپ وراستدا دامان تمچلوسن ، ئەمان کوژن وئەمان برن بە هەموو جۆرێك ئەیانەوی ئاگری سووری شۆڕشمان بتاسێنن .

ڕژێمی بەعسی پیش ئەویش ڕژێمی عارفی وە هەموو ڕژێمە زۆردارەکانی هەرێم ، ڕژێم گەلێکی بەکرێ گیراون و بریتین لە چەند جێ بەجێ کەرێکی پلانەکانی ئیستعمار وئەگەر بمانەوێ خەبات دژ بە ئەمانە بکەین پێویستە بزانین کە دژ بە هێزەکانی ئەمریکا وئیسرائیل وولاتی ئیستعمارەکانی تر خەبات ئەکەین .

خوێنەرانی بەڕێز:

کاتێك وولاتە داگیرکەرەکان وولاتێك داگیر ئەکەن وەکو کومەڵێك دز و جەردەوان کە ئەگەر بیانەوی دزیەك بکەن



کاتی وا هەیە کە ئەم کۆمەڵە دز و جەردەیە لە سەر ئەوە رێك ئەکەون کە هەر یەکەیان ماڵێك بدزن و ئیتر ئەوانی تر هەقی یان نی یە بە سەریەوە ، بەلام لە هەندێ کاتدا لەسەر ماڵیکی (چەور) ئەکەونە منافسە هەتا ئەگاتە ئەو رادەیەی کە ببێتە شەڕیان . کاتی واش هەیە کە یەکێك لە دزەکان بەخاون ماڵە ئەلێت کە دزەکانی تر ئەیانەوی ماڵەکەی بدزن لە بەر خاتری چاوی ڕەشی خاوەن ماڵ نا بەڵکو لە بەر ئەوەی فرسەیکی کە بۆ خوی رێك بخات و خوی هەستێ بە دزیەکە .

وولاتە داگیرکەرەکان وەك ئەو کۆمەڵە دزەوان ئێمەش وەکو ماڵەکان واین کە ئەیانەوی بمان دزن گشتیان چاویان لە ئێمەد ابڕیووە .

خانووەکانمان ئەروخێنن ، دێهاتەکانمان ئەسوتێنن ژن و مال و پیر و گەنج ئەفەوتێنن ، هەندێ کات ئەیانەوێت کە دەستی یارمەتی مان بۆ درێژکەن بەلام ئەم دەستە ڕەشەلەوانە دەست پێش ری یەك بیت بۆ فەوتاندنمان .

میللەتەکەمان رووسیا وئەمریکا وشاهی ئێرانی تاقی کردەوە وهەندێکیشیان ئیسرائیلشیان تاقی کردەوە کە ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە هەمووکمان خیانەتیان لێکردین ولە ناسکترین ساتدا پشتیان تێ کردووین .

ئێمە ناتوانین کە ڕژێمی بەعسی بروخێنین ئەگەر پەیوەندیمان بە جولێنەرەوەکانی سەدام ویارمەتی دەرەکانی سەدام نەپچرێنین ، پێویستە ئاوڕ لە زاتی خۆمان بدەینەوە وتەنها پشت بە خومان ومیللەتی خۆمان ببەستین .

ئەمڕۆ لە عێراقدا ڕژێمی حاکم کوردە گوندی یەکان لە ماڵ دەرئەپەرێنن وزەوی زاری یان لێ ئەسێنن ودەیانێرێتە ناوچەکانی ناوەراست وخواروی عەرەب نشین ، لە هەمان کاتدا عەرەبەکانی ناوەراست وخواروو دێنە کوردستان . ئەگەر ڕژێم سەدەها گوندی ویران کردووە ئەو دریخی نە کردووە لە گوندە عەرەبیەکانیش وەکو دێی ( جیزان الچول ) کە لە لا ین توپ وتیارەکانی سەدامەوە ویران کرا بە تومەتی ئەوەی گوایە دالدەی خەبات کەرانی دژ بە ڕژێم ئەدەن .

ئەمڕۆ لە زندانەکانی بەعسدا سەد هەزار بەندی هەیە کەتیانا هەموو چیزەکانی گەل هەن کورد و عەرەب ، تورك و ئەرمەن ، ژن، وپیاو منال وپیر ، بەیەتا ئەکرین ئابڕوویان ئەتکێنرێت هەر لەبەر ئەوەی کە بەرگری سیاسەتە دڕندەکانی ڕژێم ئەکەن وئامادەی دانەواندی ملی پیاوەتی نین ، تینوی ئازادی وسەربەستین .

ئەمرو ئەوانەی کە ڕژێم بەڕێوە ئەبەن بریتین لە کومەڵی خۆفروش و سووك کە قیمەتیان لە بەر چاو گەل لە ژێر سفرەوەیە وئەوەی جێگای پرسیارە ، ئایا ئەی زڕلە کوردەکانی لە گەڵ ڕژێمی سەدامدا کار ئەکەن ، کاتێك کە ڕژێم داوای عەرەبایەتی وعروبە ئەکات ئێوەی پیس کارتان چی یە ؟

ڕژێم بو سەرکوت کردنی شۆرشی سەر تا سەری عێراق ئەم شتانەی خوارەوە ئەکات بـ

١ – گورینی باری کومەڵایەتی گەلەکەمان ، ئەویش بە گوێزانەوەی کورد لە کوردستانەوە بۆ عەرەبستان بەزۆر وبە پیچەوانەوە گویزانەوەی عەرەب لە ناوەراست وباشووری عێراق بو کوردستان بەزۆر ، یان هەندێ پیسە عەرەب هەر لەبەر پیسی خویان دێنە کوردستان بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتی بە عەرەب کردن . لە هەمان کاتدا دیاردەی هینانی ژمارەیەکی زۆر لە میسری یەکان ئەم سیاسەتە چەپەلەی بەعس بە هێزتر ئەکات ئەوە دەرکەوتووە بریار وایە کە ( ٦ ) ملیۆن میسری کرێکار وجوتیار بهێنێتە عیراق کە ئیستا ژمارەی میسری یەکانی عیراق خوی ئەدات لە ( ٢ ) ملیون کەس کە ئەمەش لە بنەرەتدا بریتیە لە جێ بە جێ کردنی سیاسەتێکی ئیستعماری نێوان دوو ڕژیمی فاشی عیراق ومیسر ، لەوانەیە ئەو میسری یە هەژارانەی پێ نەزانن کە ڕژێمی عیراق وەکو ئەداتیك بەکاریان ئەهێنێت لە دەرپەراندنی دانیشتوانی بنچینەیی عێراق وگورینی سروشتی کومەڵی عیراق .

٢ – سیاسەتی ( پەرتەکەزال بە ) بە جیاوازی خستنە ناو لا جوڕ بە جۆرەکانی دژ بەرژیم وئەویش بە گەورە کردنی جیاوازی یە ناسەرەکی یەکانی وجیاوازی تیرە وخودیاتی وملکایەتی وجیاوازی گەلیکی تر .

هەروەها بەکارهینانی جیاوازی ئاید ولوژی لا جور بە جورەکانی دژ بەرژیم لە یەك دوور خستنەوەیاند

٣ – گورینی رۆشنبیری نەتەوایەتیمان بە فکری حیزبی بەعس.

ڕژیم بە چەند هەنگاوێکی یەك بەدوای یەك ، فیکری سبی مندالی لە قوناغی باخچەی ساوایان وسەر تاییدا بەرەو بیرو باوەری بەعسیەت رائە کێشێت بو ئەوەی ئەو کاتەی گەورەبوون زوو بە ئاسانی ڕاو بکرێن .

٤ – خالەکانی تری بەرگری دژایەتی بە ڕژیم ئاشکرایە



ئایا ئامادەین وا بجولێینەوە ؟؟؟



كە ئەویش كوشتن وبرین وهەڵواسین وسوتانـدن وێران كردن وبەند كردن ودوورخستنەوە ..هتد ئەوەی لە سەر ئێمە كە خومان دژ بە رژێمی بەعس لە قەڵەم ئەدەین ئەوەیە كە دژ بەو خالانەی سەرە- وە بجولێنەوە چقڵی چاوی جی بە جی كەرانـــی سیاسەتی بە عەرەب كردن ببین ودەست لە نـــاو دەست وپشتی یەكتر بەر نەدەین بو هیچ كەسێك نەهێڵین كە پەرەی سپی مێشكی ساواكانمان لـــە بوشەی كورد و كوردستان وحەق پەرست وئیسلامە - تی هیچی ترەتیا نەبێت ، هەتا بەعس ڕولەكانمـان شەهید ئەكات بی ویستە دەیان لی بتوپینین

# خەویكی خوش

پێشمەرگەكان یەك بە دوای یەكدا بە ریز ئەرۆیشتـن هەموو بە یەك دەنگ سروودی ( ئەی رەقیب ) مـــان ئەووت ، دەنگی -لیرانەی پێشمەرگەكان ئەو ناوەی پـڕ كردبوو بەڵام لە بێچەكەی بن چیاكەدا لە گەل دەنگـی دەستریژی فاشستەكاندا تێكەل بوو بە هەمان گیانـی ئەی رەقیبەوە لێ‌ئەكوتینە دەس لە پاش شەرێكی نەبەر - دانە چەندا شەهیدكران بەڵام دەنگی ئەی رەقیـب وبژی كورد و كوردستان مردن بوّ جاش وفاشست لــە ئاسمـانی جەنگدا ئەبیسرا لە ناو ویزەی گوللەدا دوو هەلیكوپتەری شەركەری دوژمن ئاسمانی شەریان گرت سەنگەری پ. م نەبەزەكانیان دڕندانە دایە بــەر ریزی گوللە ، ئیمەی پێشمەرگە بە هەمان گیانی ئـەی -



رەقیب شەرمان ئەكرد كاتێك لە پڕ بە ئاگا هاتم لەم ( خەوە خوشە ) بینیم دەستم لە دوو هەڵقـــــەی ئاسنینندایە ولە ژورێكی تەری شیداری تاریكدا بە - پشتا كەوتووم تك تك خوێن لە ناو چەوانمەوە هاتوّ - تە ناو قولانی چاوم ولە گەل فرمێسكدا تێكەل بـووە هەناسەیكم بە قوڵایی هەڵكێشا و لە بەر خوّمەوە ووتـم هەموو شتێك لە پێناوی مشتێك لە خاكە پاكەكەی تـوّ ئەی دیدە پر لە فرمێسك و خوێنی من كوردستان .



# مرۆڤ لە قورئانی پیروزدا

خوای گەورەو مەزن لە قورئانی پیروزدا مـــر وڤ ئەكاتە سی چەشنە مروڤەوە .

١- المتقین : بە حوكمی قورئانی پیروز ئەم جـــو رە مروڤانە مروڤی خوا پەرست ولە خوا ترس وموسڵ - مانی راستەقینە وخوای گەورە ئەفەرمـــــــوی ( والعاقبة للمتقین ) واتە روژی دوایش هەر بـو ئەم خوا پەرستانەیە .

لە روژگاری ئەمرودا ئەم جورە مروڤانە كەمن وە بە - دەگمەن دەست ئەكەون ، بەلا م هەرچونی كەم بــن وزور بن لە جیهان وئاخرەدا هەر ئەوان گرەویا ن بردوتەوە .

٢- الكفار : كافرەكان : ئەوانەی كە ئینكاری بوونی خوای مەزن ئەكەن بە ئاشكرا وبە نهینی ژیانی دنیایان هەڵبژاردووە وبە پی ی فەلسەفەكانی دنیای رەفتار ئەكەن لە ژیاندا لە جیهانی ئەمرودا دنیای كـفر بە هیزە لە هەندی شوینی ئەم جیهانەشدا ئەو كەسانەی كە كفر ناكەن بە مروڤی كونەپەرســـت وهیچ نەزان دائەنرین حەزیان لی ناكریـــت ئەمانە لە دنیا وئاخیرەتدا ریسوان .

٣- دوورووەكان : المنافقین : ئەمانە ئەو جورە كەسەن لە سی یان شتیكەوە ونـاوەروكیان شتیكی تــرە واتە خویان بە سی موسلمانی راستەقینـــــەو نویژ وروژوو ئیسلام ئیسلامیانە بەلا م لە راستیـدا هەرچی لە ئیسلام دوورە وهەرچی خوای گـــەورە بەكرداری كافر دای ئەنیت ئەمانە ئەیكەن .

ئەمانە لە كومەڵدا كوسپی پیشكەوتنی ودلخوشـــی



خەلكن وئەمانە حوكمیان زور پیسترە لە كافر ورەش و پیسن لە بەر چاوی خەلك ولە ئاخیرە شدا ناخو - شترین ئەنجامیان هەیە .

ئەمە حوكمی قورئانە بە سەر مروڤدا ئەوە ئەمانـــەی لیرەدا بلیین كە دووروەكان ( منافقین ) ئـەمـــرو ژیانیان بە مروڤ و-روڤایەتی تال كردووە وناهەلـــن هەموو مروڤیكی پاك وراست بەسەر بەستی وئازادی بژی وهەموو شتیكی ریك وپیك تیك‌ئەدەن و وەكــو ( دركی بەكر مەرگەوەر )لە هەموو ئیشیكی خـــیر وئیسلامی دركن .

بەئومیدی ئەوەی كە خوای گەورە دووروەكـــان ریسوا كات وكافرەكان هیدایەت بدات بو ســـەر ریگەی خوا پەرستەكان وخوا پەرستەكانیش زیـــاد بكات ئینشاء الله ☐

# چاوپیکەوتنیک     لەگەل

## حجة الأسلام والمسلمین شێخ حاتەمی دا

لە چاوپیکەوتنێکی گۆڤاری ( القارعە ) لەگەل حجـــة الاسلام والمسلمین شێخ موحەمەدی حاتەمیدا چەند پرسیارێکیان ئاراستە کرد کە پێخۆشحالین هەندێکی ئەم چاوپیکەوتنە بلاو بکەینەوە .

لە وەلامی پرسیاریکدا شێخ حاتەمی ووتی : —

عێراق وولاتیکی ستراتیجی سیاسیە وئیکونۆمیکـــی گرنگە بە هۆی هەلکەوتنی جوگرافی وئەو هەموو بـەروبومە وکانزایەی هەیەتی . گەورەترین وولاتی ناوچەی کەنداوە لە لایەن ژمارەی دانیشتوانەوە وە خاوەن بنکەیەکی ئیکونومیکی گەورەی بەرو بومە کە لە بەرو بومی کشتوکالیەوە دەستی پێ ئەکات وبە نەوت وکبریـــت کوتایی دیت . هەروەها عێراق بنکەیەکی گرنگـــــی شۆڕشی ئیسلامی بووە لە مێژووی نوێدا .

گەلی عیراق لە سالی ١٩٢٠ بە سەرکردایەتـــی ئیمام محمد تقی شیرازی هەستان بە شورشێکـــــی ئیسلامی فراوان کە دەرسێکی سەختی ئینگلیزەکانی دا لە هەمان کاتدا عێراق بنکەیەکی شۆڕشە ئیسلامیەکانی تریش بووە لە وولاتانی تردا .

لە بەر ئەمە هێزە ئیستعماریەکان هەستیان بــە گرنگی ئەم مەسەلەیە کرد لە بەر ئەمە بە هەموو جوریک کەوتنە سەرکوت کردنی شۆڕشی ئیسلامی عیراق .

هێزە ئیستعماریەکان ورژێمە نۆکەرەکان هەستان بە پشت گرتنی ئەو پیاوە ئاینیە کونەپەرست و هەلپەرستانەی کە هەبوون ، ئەوانەی کە باوەڕیان بـــــە جیا کردنەوەی دین لە سیاسەت هەیە یان ئەوانەی کە خویان هەلناقورتینن لە کاری باری سیاسی بە هۆیەک یان زیاتـــر . ئەمە یەکەم .

دووەم : گەلەکەمان لە کۆندا بەدەست نەزانین ونە خویندەواریەوە ئەینالان بەلام لە دواییدا پێشکەوتنیکی ڕۆشنبیری ڕویدا کە لە ئەنجامی شۆڕشەکانی وولاتانی تردا بە تایبەتی جەزایر ومیسر ولەم دوایەش ئیران ، ئەم بیشکەوتنە روشنبیریەش چاوی گەلەکەمانی کردەوە ، بەلام هیزە ئیستعماریەکان دەست پیشکەری خویان کرد و بەعسیەکانیان گەیاندە سەر حوکم کــە ئەمانیش بە راست و چەپدا لە روشنبیری و کەلەپوری ئیسلامیان دا ولە جیاتی روشنبیری ئیسلامی روشنبیری رەگەزپەرستی وفاشی یان بلاو کردەوە .

سێیەم : بەعسیەکان هەستان بە بلاو کردنەوەی فەسادی رەوشت نزمی وخواردنەوەو بیری روژئاوایی لە ناو کۆمەلدا .

چوارەم : پەرت وبلاوی لایەنە ئیسلامیەکان دژ بـــە رژیم بەو جورەی کە ئەیبینین بۆتە هۆی کۆسپێکـــــی





گەورەی سەر نەکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی عیراق .

لە وەلامی پرسیارێکی تردا شێخ حاتەمی ئەلێت : -

بە بیرو رای ئێمە ئەو بنکە ڕوشنبیریەی کـــــە پێویستە شۆڕشی ئیسلامی عێراق لە سەر بوومستـــــی ئەوەیـــە : —

١ — ڕووخاندنی ڕژیمی فاشیستی عیراقی بە پی ئایەتی پیروزی ( وقاتلوا ائمة الکفر إنهم لا ایمان لهم ) .

٢ — دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی کە هەموو یاســاو دەستورەکانی لە قورئانی پیروزەوە وەرگیرابێت بە پی ی ئایەتی پیروزی ( من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الکافرون ) .

( ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الفاسقون ) .

( ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الظالمون ) .

٣ — سەر بەخوێی تەواو لە ڕێژهەلات وروژئاوا لـــە لایەنەکانی سیاسی وعەسکەری وروشنبیری بە پێ ی ئایەتی پیرۆزی ( ولا ترکنوا الی الذین ظلمـــــوا فتمسکم النار ) .

٤ — تەقاندنەوەی شۆڕشێکی جیهانی دژ بە داگیر — کەران وکۆنەپەرستان ویارمەتی وپالپشت کردنـــــی هەموو چەوساوەکان وزۆر لی کراوەکان وبێ دەسەلاتە — کان بە پی ی ئایەتی پیروزی ( إنا أرسلناكَ إلی الناس کافّة مُبشِرا وَنَذَیرا ) .

لە وەلامی پرسیارێکی تردا شێخ حاتەمی ووتی : —

من زۆر بەداخەوەم کە سەیری گورەپانی جیهاد ئەکەم وبەو شیوەی کە ئێستا ئەیبینم کە هەمووی لە یەك دوورکەوتنەوەو پەرت وبلاوی لایەکانی دژ بە ڕژێمـــن ئەم بارو دۆخەش دژ بە بارو دوخەیە کە خوا لە قورئانا فەرمان پێ داوین ( ان هذه أُمتکم أُمةً واحدةً وانـــا ربّکم فاعبُدون ) .

ئێمە داوا لە هەموو هاوریانی جیهاد ئەکەین کــە بە یەك دەست ببینە مستێکی پولا بین بۆ ڕژیمی کافری بغدا بەلکو بەو یەکگرتنەمان ئەو کەسانەش دەرکەون کە لە ژیر عەبادا خویان شاردووەتەوە .

# ڕژیمی بەعس:
# ڕژیمی تیرورو پروپاگەندە

بە درێژایی مێژوو لە کۆن ونوێدا لە هەر سەر زەمینێکدا لەم جیهانەدا ڕژێمێکی خوێن ڕێژ وفاشیست هەبوو بێت ئەوابڕبڕەی پشتی ڕژێمەکە کوشتن وبڕین وسەر کوت کردن بووەلە لا یەك وپڕوپاگەندە کردن بۆ پاکانەی ئەم کردەوانە وپیا هەڵدانی ڕژێم وبەڕیوە بەرانی ڕژێم لەلا یەکی ترەوە ، ئەمە کاری هەموو ئەو جۆرە ڕژێمانەیە کە ڕیشەی ڕژێمەکەیان بە دەبابە وتوپ دائەکوتن ولە دوایشدا بە خوێنی جەماوەر ئاودێری ئەکەن،ئەگەر بەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە ئەوە ئەبینین لە کاتی فرعەونی یەکاندا فرعەون یەك گرویی دروست کردبوو لە هەڵخەڵێتینەر وفاڵچی وساحر بۆ ئەوەی بانگەوازی ڕاستی موسا لە بەر چاوی خەڵکی ڕەش کەن .

هەمان شت ڕوویدا لە زەمانی پێغەمبەری مەزن (د.خ) کاتێك کە (ئەبو جەهل ) شاعیرو خەتیبەکانی ئەجولاًن کە بە شیعر وخوتبە بەرگری دەنگی ڕاستی وپاکی ئیسلام بکەن .

ئەمڕۆ لە عیراقی بریندار بەگشتی ولە کوردستانی خوێناویدا بە تایبەتی ڕژێمی تێرۆرستی بەعس بە شێوەیەکی تەواو پشتی بە ستووە بەم دوو ستوونە ، تێرۆرستی وپروپاگەندە .

ئەمڕۆ هەموو جۆرە لە دەر چونێکی ئاسایی لە مروڤایەتی وحساب کردن بو مرۆڤ لە قاموسی ڕژێمدا نی یە .

لە هەموو کون وقوژبنێکی وولاًتدا خواردنەوە وڕابووارد نی گیانەوەرانەی بۆ مروڤە گیانەوەرەکان دا ناوە، هەموو کون وقوژبنێکی وولاًتی کردۆتە چاوی جاسوس ومخابەرات کە ڕەچاوی چۆنیەتی هەناسە دانیش ئەکەن وبەدوای سەر پێچی یەکی بچوکی ئەوکەسە ئەکەن بۆ ئەوەی بە ئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵا بکەن بە تایبەتی لە دوای شەڕی ڕژیم لەگەل ئیراندا ،ڕژیم بو پاراستنی ئاسایشی ناو خوی (٤٠،٠٠٠ ) سەربازی لە مغرب ومیسرو ئەردونەوە هێناوەتە عیراق .

ئەمڕۆ وولاًتەکەمان بووتە زیندانێکی گەورە کە چوار دیوارەکەیدا (١٢ ) ملیون مرۆڤ تێدایە کە ڕۆژانە پیاو ژنیان منالّ وپیریان ئەکوژرێت، ئابڕوی ئافرەتیان ئەتکینرێت ، دائیرەکانی ئەمن لە هەموو کونجێکی شارو شاروچکەکاندا هەن،بۆ خنکاندنی هەموو هەناسەیەکی نیشتمان پەروەری .

بەلاًم لە لا یەن پروپاگەندەوە ڕژێم بە تایبەتی سەرۆکەکەی هەستاوون بە کڕینی چەند خاوەن قەڵەمێکی سووك وڕیسوا وخاوەن ووتەو ووشەی پووچەڵ ، ئەوانەی کە هیچ شتێك گرنگ نی یە لا یان بێجگە لە پڕکردنی گیرفانیان نەبێت، خواردن وخواردنەوە و ڕابواردنی ژمارە یەك ،کە ئەمەش لە لا یەن ڕژێمەوە پێش کەشیان ئەکرێت لە بەر ئەمە ئەوانیش قەڵەمەکەیان بو پیاهەڵدان وگەورە کردن و و تێکردنی سەرۆك ڕژێم وڕژێم وعەدالەتی هەڵوێستەکانی ڕژێم تەرخان ئەکەن،دریخی ناکەن بە هیچ جۆرێ لەم بارەیەوە .

ئەمڕۆ ڕژێم توانویەتی کە هەندێ ئیستگە وگۆڤار لە جیهاندا بکرێت لە پێناوی پیاهەڵدانی وپروپاگەندە کردن بو سەرۆکی ڕژێم وڕژێم .

ڕژێم توانویەتی کە ڕوژنامەی (القبس)و(السیاسە) و (الندا‌ء ) وگۆڤاری (ئوبسیرفەر )ی لەندەنی و (دیر شپیگل )ی ئەڵمانی وگوفاری (العمل ) کە دەنگی فەلەجستەکان وئیسرائیلە وگوڤاری (الدستور ) و (الوطن العربی ) وئیستگەی (مونتی کارلو ) ،ڕژێم توانویەتی کە ئەم گوڤارو ڕۆژنامەو ئیستگانە بکاتە شوێنی دەهۆل لێدان بۆ ڕژیم وسەرۆکەکەی وسیاسەتەکانی .

گۆرانی بێژو وهونەرمەندە خۆفروشەکانیش دریخییان نە کردووە لەم بارەیەوە ئەوەی کە گوێ لە یەکێك لە ئیستەگەکانی ڕژێم ئەگرێت بۆی دەر ئەکەوێت کە هەموو تەپەیەکی دەفێك لە گورانی یەکدا سەدامیکی لەگەل دایە

بەلاًم چەندی تر ئەم لا و ئەو لای کرد بەڵگە نەویستێکی مێژوویە،هەموو ڕژێمێکی فاشی وزالم ئەبێت لە ناو بچێت .


سەدام لەنێوان کومەلیك خوفروشدا

# گرنگیەتی و ڕۆلی ڕێکخستن (تەنزیم)

ڕێکخستنی کارو بار بریتیە لە دیاردەیەکی شارستانیەتی ئەمرو لە کاری شۆڕشگێری وشۆڕشدا ڕێکخستن وڕێك وپێك کردنی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان ڕۆلێکی گرنگی هەیە بەڵکو کارێکی بنەڕەتیشە .

تاقی کردنەوەو ئەزمورنە مێژوویی یەکانی جیهان سەلماندویانە کە پەیکەرو بنکەی کاری شۆڕشگێری زشۆڕش تەنزیمە ، خۆی لە خۆیدا تەنزیمێکی لەبار باشە ڕوژێکی ڕوون ئەداتە شۆڕش ولە فەوتاندن ولە ناو چوونی ئەپارێزێت هەرچەندە کە گەر داوی دژ بە شۆڕش گەورە بێت .

بزووتنەوە ئیسلامی یەکانی ئەمرۆ ئاوڕیان لەم گرنگی یە نەداوەتەوە ، بەڵکو هەندێ لە بلاوکەرەکانی بیری ئیسلام ئەم مەسەلەیەیان پشت گوێ خستووە .

بزووتنەوە وکۆمەلەکانی تر گرنگی یەتی یەکی زۆریان داوەتە ئەم مەسەلەیە ، لینین لە رووسیادا توانی کە بیرو راکانی مارکس لە بارەی تەنزیمەوە ، وپاش ئەوەی خۆشی هەندێ بیرو رای خستە سەر بکاتە هێزێکی تەنزیمی واکە دەسەلات لە ڕژێمی قەیسەر بسەنێت .

هەر وەها بەعسیەکان ، میشیل عەفلەق وگروپەکەی توانیان کە تەنزیمیکی وا بخولقێنن کە بتوانێت دەسەلات لە سوریا ودوایی لە عێراقدا بگرێتە دەست . بەلام (اخوان المسلمین) توانای وەرگرتنی دەسەلاتیان نەبوو هەرچەندە وەك هێزێکی تەنزیمیش هەن لە سالی (١٩٢٨)ەوە . هەروەها تەنزیمە ئیسلامیەکانی عێراقیش کە لە سالەکانی ١٩٢٠ هەن .

لێرەوە دەرئەکەوێت کە پارت وڕێکخراو وبزووتنەوە ئیسلامی یەکان گرنگی یەتی تەنزیمیان پشت گوێ خستووە ، لە جیاتی ئەوە کە بە شێوەیەکی وا ڕەچاوی بکات کە لەگەل بیرو رای ڕەسەنی ئیسلامدا شان بە شان مەبەست بهێننە دی .

لەم دوایی یەدا گرنگی ئەم مەسەلەیە بۆ بزووتنەوە ئیسلامی یەکان دەرکەوتووە ، کە زۆریەیان نەك هەموویان ئەم مەسەلەیەی هەر نەزانیووە .

ئەمرۆ هەندێك لە بزووتنەوە ئیسلامی یەکان بۆیان دەرکەوتووە کە کارو باری تەنزیم دیاردەیەکی نزیك کەرەوەی سەرکەوتنە .

لەوانەیە ئێستا هەندێکیان هەستیان بەو راستی یە کردبێت کە ئەگەر هاتوو ڕێکخراوی ڕیك وپێك وبە تەنزیم بوونایە ئێستا دەسەلاتیان لە زیاتر لە یەك وولاتدا گرتبووە دەست .

بۆ نمونە لە عێراقدا پارتی بەعس هەندێ کەسی هەیە کە زۆر دلسوزی بیرو راو ئامانجەکانی یەتی ئەمانە لەوانەیە شیعە ، سونی ، مەسیحی ، ئەهلی حەق بن لە عەرەب وکورد و تورك و ئەرمەن .

تەنزیمی بەعس لە پیش وەرگرتنی دەسەلاتدا هەبوو لە دوای وەرگرتنی دەسەلات بە هێزو قوولتر کرا وگرنگترین هۆی نەکەوتنی ڕژێمی بەعس ئەوە تەنزیمە بەهێزەیە کە هەیەتی .

لە بەر ئەوەی تەنزیمیکی لەبار بریتی یە لە هەلبەشێکی گەورە لە نزیك کردنەوەی قوناغی ڕێکخستنی جەماوەرو وەرگرتنی دەسەلات ، لە سەر پارت وبزووتنەوە ئیسلامی یەکان پێویستە کە ئاوڕ لە کارو باری تەنزیمی بداتەوە وستراتیجی وەرگرتنی دەسەلات دابڕێژێت بەمەرجی هەموو بارو زروفێکی مەوزوعی وکومەلایەتی وسیاسی ڕەچاو بکات .

کەواتە تەنزیم مەسەلەیەکی هاو جەرخی زور بنەرەتیە لیکولینەوە وئیش کردنی پێ ی ئەگەر بەیارمەتی تاقیکردنەوەکانی خەلکانی تریش بوە بیت ئەبیتە پال پیوە نەریك بۆ گەشەکردن وپیش خستنی پارت وبزووتنەوە ئیسلامی یەکان ، وە لە هەمان کاتدا هەموو تی کوشەرێك رولی خوی ئەزانیت لە ناو جەماوەردا وە لە ناو پارت وبزووتنەوەکەیدا وبەر پرسیاری خوی لە بەر جەماوەر وخوادا ئەزانیت .

● ● ●

# پێشمەرگە

پێشمەرگە بەرزترین وپیروزترین مروڤی شورشە ، خۆری رووناك کەرەوەی ڕێگای شۆڕشە ، هیچ کەس ناتولنێت کە نوکولی لەم راستی یە بکات ، کە پێشمەرگە بنکەی پولا یینی شوررشی چەکدارە . ئەتوانین بلێین کە بەراوردکردنی نێوان شۆڕشەکانی جیهان لە چۆنیەتی پێشمەرگەکانی شۆڕشەوە دەست نیشان ئەکرێت .

پێشمەرگەی ئازاو ڕاستەقینە ئەبیت بـ

١- بەراستی شایانی ووشەی پێشمەرگە بێت .



٢- بزانێت کە ئەو چەکەی لە شانیدایە هەموو شتێك نی یە بەڵکو یەك وەسیلەیە بۆ هینانەدی ئامانجەکانی .

٣- ئەبێت لە هەر ووچان وهەلێکدا بوی، ڕێکەوت خۆی ڕۆشنبیر بکات بە بیری شۆڕشگیری وپێش کەوتن خوازی .

٤- لە هەموو هەلس وکەوتێکدا هێمن ولە سەر خۆ بێت ودووركەوێتەوە لە هەموو هەلس وکەوتێکی هەرزەکارانە ورەوشت نزمی .

٥- شۆڕ بێتەوە بو ناو ویست وئامانجەکانە راستەقینەکانی جەماوەر وکۆمەل لە سەر ڕۆشنایی ئەم ویست و ئامانجانە رەفتار بکات .

٦- بۆ هیچ کەسێك وهیچ بارو دوخێك لە سەر پەیرەو و پروگرامی شورشگێری ڕاستەقینەی خۆی لا نەدات .

٧- خۆی بە یەکێك لە زۆر لێ کراوەکانی جیهان بزانێت خەباتی خۆشی بە خەباتێکی دژ بە زالمانی جیهان بزانێت .

بە ئومێدی ئەوەی کە ڕۆژێك هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان یەك هەنگاوبن □

# دەنگ وباسی جیهانی ئیسلام



ئەمرو لە جیهانی ئیسلامیدا بیرو هوشی ئیسلامی دانیشتوان روو لە زیاد بوون ئەکات،زیاتر لە رژیمیك ئەمرو خەریکن بەر شەپولی گەورەی ئیسلام ورا ئەمالرینە کەناری جیهان .

ئەمرو لە (تونس) حەبیب بورقیبە پەلە قاژە ئەکات لە سولتان قابوس (عمان) چونکە پای داوەتە ئەمەریکا وبە هەموو جورو ریگایەك دەنگی ئیسلامی لە وولاتدا کپ ئەکات .

ئەمرو لە میسردا بە هەزاران موسلمانی میسری بەرەو بەندیخانەکانی حوسنی مبارك راپیچ ئەکرین وزیندان ئەکرین ،بەلام دەنگی راستی ئیسلام نا شاریتەوە روژیك دیت کە هەموویان بتاسین ئینشاء اللە .

---

لە ١١/١٢/١٩٨١ جاشەکانی بەعس هیرشیکی سەختیان هینا سەر بنکەی پیشمەرگە نەبەزەکانمان لە بانەدار ،پیشمەرگە نەبەزەکانمان لی یان هاتنە دەست وکونە مشکیان لی بووە قەیسەری لە ئەنجامدا (١١) جاش توپاند وسیانی تریشیان برینداركردن ،ئیمەش پیشمەرگەیەکی نەبەزمان بە ناو (علی بخش) برینداربوو . مردن وملکەچی بو جاشە خوفروشەکانی بەعس ونەمری بو ئیسلام وکورد وکوردستان .

---

مفرەزەیەکی پیشمەرگە دلیرەکانمان هەستان بە خزمەت کردنی. چەند دیهاتیکی کوردستان بە پیش کەش کردن ، خزمەت گوزاری پزشکی بو ئەو نەخوش وبیماریانەی کە هەبوون ،ئەوەی شایانی باسە کە زیاتر لە (٤٠٠) کەس پیاو ژن ،منال و پیر بەر ئەم خزمەت گوزاریە کەوتن وفحص ودەرمان ودەرزی بە خورایی درا بە رەش وررووتەکان کە بە سەدەها کیلومتر لە نزیکترین شوینی پزشکیەوە دوورن .

---

سلاو وریز بو پیشمەرگە نەبەزەکانی لەشکری ئیسلامی کوردی کە لە پیناوی خزمەت بە نەتەوەو ووشەی پیروزی ئیسلام ئامادەی شەهید بوون لە سەر خاکی پاکی کوردستان .

سلاو بو هەموو پیشمەرگەیەکی دلیر لە هەر کونجیکی کوردستان .

---



# داخستنی زانکوی سلیمانی

بەدەستی رەشی رژیمی بەعسی فاشیست زانکوکەی سلیمانی داخرا ،بەلام ئەم زانکویەی کە رەشوو رووتی کوردستانە خوینا ویەکەمانی هوشیارو پر چەك کردوە هەرگیزو هەرگیز لە گەشە کردن وپرشکوفی خوی ناکەویت ،چونکە مەسەلەی خەباتمان خوی لە خویدا زانکویەکە .

لە سالی ١٩٦٩ زانکوی سلیمانی دامەزراوە وچین چین رولەی روشنبیری پەروەردە کردرە ورولیکی تایبەتی هەبووە لە پیگەیاندنی سەدەها کادرو پسپور لە وولاتە داپوشراوەکانمان بە پەلە هەوری کونەپەرستی وفاشیستی یەت .

ئەگەر چی بەریوەبردنی زانکوکە لە ژیر دەسەلاتی رژیمی بەعس بووە بەلام گەنجە خوینگەرمەکان ،رولەی دیی سووتاوو شارە پر چەوساندنەوەکانمان هوش وبیر وشورشگیرانەیان تی کەلاوی زانست وزانیاری کردووە تیادا ،رژیمی بەعس فاشیست وا ئەزانیت بە بەستنی ئەم زانکویە گلکلوی بیری شورشگیرانە ژیر خاك ئەکات بەلام ئارەقی نیوچەوانی سەپانەکان ونرکەی کریکاری شارەکان وزورداری وستەمی رژیمی بەعسی فاشیست وسەوداکاری کونەپەرستی ناو خوی هەمیشە زانکویەك بووە وهەمیش، لە بەرهەم وبو ئیمە موسلمانی کورد کە زیاتر لە هەزار سالە وەك موسلمانیکی کوردی بە شەرەف پاریزگاری ئەکەین لە خاکەکەمان .

مل کەچی وبەزین بو شەیتانی گەورە (امپریالزم) داگیر کەران وکونەپەرستان .

## سەربازە هەڵاتووەکان

ئەمڕۆ دێهاتەکانی کوردستان قەڵایەکی پۆڵایینی ئەم سەربازە هەڵاتووانەیە ،ئەوەی لێرەدا ئەمانەوێت بیڵێین ئەوەی جێگەی دڵخوشی میللەتەکەمانە ئەمڕۆ ئەوەیە کە زۆربەی نەك هەموو ئەم سەربازانە دانیشتنیان ووشەی کورد بۆتە ملوێنێك لە سەر دڵی بەعسیە خوێن هەلبژاردووە لە کاتێکدا کە ئەمڕۆ خاکی کوردستانی داگیرکراو وخاکی عیراقی بریندار بێ ویستی بە ئاودەژەکان .

ئەمڕۆ لە جەنگی ئێران وعێراقدا نزیکەی (٥٠،٠٠٠) بێژی خوێنی ئێمە هەیە ،لەوانەیە پاکانەی ئێوە ئەوەیە کە سەربازی هەڵاتوو هەیە لە سوپای پیسی عیراقدا کە بڵێن شەری برا کوژی هەیە لە کوردستاندا بەڵام ئێمە ئەتوانین بڵێین کە لە ٩٥٪ ئەم هەڵاتووانە کوردن . ئەڵێن کە ئەم هەڵوێستەی ئێوە بێ ویستی بە چاوخشاندنەوە هەیەو سەرنجی خۆتان بە قوڵی بدەنە بارو ئەمەش ئەگەڕێتەوە بو ئەو هەڵوێستە ئازاو پیاوانەی کە میللەتە ئازاکەمان هەیەتی بەرامبەر هەموو سیاسەتێکی زروفی ئێستا وهەموو باس ومەسەلەیەك وەك ڕۆژ ئاشکرایە خزمەت بە ئامانجەکانی بەعس ورژێمەکەی . دانیشتن بو مرۆڤی تێکوشەر نەهاتووە

# کومه له ده‌ست کرده‌کانی جیهانی و راستی

خه‌باتی سه‌خت ودریژ خایه‌نی گه‌لی موسلمانی کوردی ئازا دژ به چه‌وسێنه‌ره‌کانی ناوخۆ ودەرەکی هه‌موو ئاستێکی کپ کردن وخنکاندنی تاساندوو ئه‌مرۆ به ده‌نگی به‌رز به ده‌نگی پولاین حه‌قمان هه‌یه هاوار بکه‌ین ئه‌ی گه‌لانی ئازادی خوازی جیهان ئه‌ی کومه‌لەی بۆ شێل کردنی مافی مروڤ (کۆمه‌ڵەی پاراستنی مافی مروڤ)
ئه‌ی کۆمه‌ڵه‌ی نه‌ته‌وه یه‌ك نه‌گرتووه‌کان (کومه‌ڵه‌ی نه‌ته‌وه یه‌گگرتووه‌کان)

لئه‌ده‌نێ ؟ مروڤی چه‌وساوه وزولم یێ کراو له قاموسه ئێوه داکێ یه ؟ئێوه مافی خۆتان ئه‌توانن بپاریزن ؟ مافی مروڤ له ناو په‌ره وکاغه‌زدا نا ناسرێت به ووتار خوێندنه‌وه وکونگه‌ره‌گرتن وپیا هه‌ڵدان ولۆمه کردنی ئه‌م وولات وئه وولاتا. ئایا ئێوه ئه‌زانن له کوردستان ئه‌ی کۆمه‌ڵه‌ی لێ نه‌بووردنی جیهان (کومه‌ڵه‌ی عه‌فوی جیهانی)
ئێوه‌ی، که له کۆشك وته‌لا ره‌کانی نیۆیۆرك وڤینه دا له سه‌ر کورسی تایه له‌ژێردا له سه‌ر کام مروڤ هه‌ـ







چی روو ئه‌دات یان موعیده‌کانی خوارد نه‌وه‌رتوبستی باره‌کانی نیۆیۆرك وڤینا له بیری برد ونه‌ته‌وه .
له کوردستانی ئێمه‌دا بۆ قوربانی خواستی زۆر دار، وه‌ك رانه مه‌ر (مرۆڤ) سه‌ر ئه‌بڕێت، له کوردستانی ئێمه‌دا کورد وه‌ك ئاژه‌ڵی کێوی سه‌ر ئه بڕێت ،سه‌ربازه‌کانی رژیم له دول و چیادا ئه‌یانگرن وراویان ئه‌که‌ن ،له کوردستانی ئێمه‌دا شارو دێ و وقوتابخانه وخه‌سته‌خانه‌وکێڵگه وئاژه‌ڵ ئه‌سوتێنرێت وله‌گه‌ڵ زه‌میندا ئه‌خرێنه سه‌ر یه‌ك ئاست ، له کوردستانی ئێمه‌دا کورد یه‌ت تاوانه ودادگای لێ ئه‌پرسێته‌وه هه‌ر له سه‌ر کورد یه‌ت له زور شوێن ده‌ر ئه‌کرێت وریسوا ئه‌کرێت ،له کوردستانی ئێمه‌دا زیندان شوێنی هه‌موو مروڤێکی زور له ئێوه شه‌ریف ترو به‌رزتره له زیندانه‌کانی ئێمه‌دا کورد و کوردستان زراوی جه للاده‌کانی رژیمی زالمی بردووه ومژده‌ی خۆشی وسه‌ر به‌رزی به ئه‌م دیوو زیندانیشه‌وه ئه‌دات .
له سێداره‌دان که له قاموسی (تایبه‌تی) ئێوه‌دا تاوانێکی زۆر گه‌وره ‌یه ورێگای بێ نادرێت گه‌لی کورد وه‌کو ئاو خوارد نه‌وه له سێداره ئه‌درێن پیاووئافره‌ت ژن ومنال .
منالەخرینه‌کانی کوردستان که چاویان هه‌ڵهێنا باوکیان نابینن چونکه شه‌هیدی رێگه‌ی میللەته‌که‌یه‌تی ئه‌وانیش که گه‌وره بوون رێگای باوکیان ته‌واو ئه‌که‌ن .
چه‌نده‌ها ساڵه له‌سه‌ر فه‌له‌ستین خوێناوی به‌رگری ئه‌که‌ن وکونگره ئه‌به‌ستن ئایا چی تان بو کردن چه‌نه‌ها ساله لۆمه‌ی جنوب ئه‌فریقیا ئه‌که‌ن چی تان بۆ ره‌ش پێسته زولم لێ کراوه‌کان کرد .
له به‌ر ئه‌وه ئێمه‌ش هیچ هیوایه‌کمان به ئێوه‌ی بێ ده‌سه‌لات نی یه .
ئیمه چاومان بریوه‌ته رۆژێك که میلله‌ته‌که‌مان له ژێر ئالای یه‌کێتی وبرایه‌تیدا کۆبوته‌وه هه‌موو تفه‌نگه‌کانیان له سنگی یه‌کتره‌وه وه‌ر چه‌رخاندۆته سنگی ره‌شی زاڵمان وبه یه‌ك ده‌نگ هاوار ده‌که‌ن بژی کورد و کوردستان .

# دروست بونی مرۆڤ



## ئەم گەردونە ئەبێت بەڕێوەبەرێکی هەبێت

داروینیەت :

لە ژمارەی پیشودا وتمان کە بنەرەتی ئیسلام ئەوەیە کە لە هەموو دلەوە بزانین کە مرۆڤ وهەموو شتێکی تری گەردوون لە لایەن خوای گەورە ومەزنەوە دروست کراوە .

بەلام چەند لێکولینەوە وتیۆری تر لە سەر دروست بوونی مروڤەوە هەیە لە لایەن مروڤەوە نەخشە کیشراوە یەکێ لە هەموویان گرنگترە تیوری گەران و بەرەوپیش چوونی داروین ( نظریه التطوروالارتقاء ) .

مادی– داروین ئەلێت ماددەی ژیا لە بنەرەتدا بریتی یە لە ( ئەتۆمی پروتین ) سادە کە جیاوازی نی یە لەگەل هیچ ئەتومێکی تری پرۆتین ئەم ئەتۆمە پڕوتینە گەشەی کرد و ،گەشەی کردتا مروڤ لێ دروست بوو ،بە پی ی ئەم تیوری بە ئەم گەشە کردنە ئەگەریتەوە بۆ جولانەوەی خوی ناو ماددە بە پی ی ئەوەی کە ( ماددە لە جولان جیا نابیتەوە ماددە نابیت و وەبە هیچ جۆری نابیت بەبێ جولان ) . وە مەفهومی جولانی خودی ماددە ئەوەیە کە ماددەکان وردیاردەکانی لە ناو خویدا پال پێوە ئەنێ ئە و سەرچاوەی ئەم پیشکەوتنەی تێدا هەیە .

ئەگەر ئەم بۆ چوونەی مادی–داروینی راست بیت ئایا ئەم تیوری یە ساغی ئەکاتەوە کە ماددە پروتینی یەکەی یەکەم بە تەنها ئەم گەشەکردنی وپیشکەوتنەی تیدا روودا وە یان ماددە پروتینیەکانی تریش هەریەکە زنجیرەیەك گەشە کردن وپیشکەوتنیان تایبەتی خۆیان هەیە ؟.



یان بە جۆریکی تر بلێین : ئایا ماددی داروینی باوەری وایە کە سروشت ئەتۆمی پروتینی یەکەی ( پەسەند کردووە ) لە کاتێکدا کە ئەتۆمە پڕوتینیەکانی تری بێبەری کردووە لەم پێشکەوتن وگەشە کردنە ؟ یان سروشت یاسای پێش کەوتن وگەشە کردنی ( داڕێژاوە ) کە هەموو ئەتۆم پروتینیەکان خانە زندووەکان گەشە بکەن وپێش بکەون هەتا ئەگەنە ئە قوناغەی کە ئەگەنە ئەو زیندەوەرە پی ی ئەوتری مروف . ؟

١– ئەگەر وەلامەکەی ئیجابی بێ ، ئەوا ئەبێت هەموو ئەتۆمە پڕوتینیەکان بە شێوەیەکی یەکسان گەشە بکەن وپێش بکەون . یان بە مانایەکی تر هەموو ئەتۆمە پروتینەکان هەمان ڕێگەی ئەتۆم پڕوتینی یەکەم ئەگرن . کە ئەمەش ئەبێتە هوی ئەوەی کە هەموو رۆژێ کومەلێکی زور مەیمون ( یان هەر زیندەوەریکی تر کە پەیرەوی داروینی بە بنچینەی مروفی دا ئەنیت ) بێینە دنیاوە .

٢– ئەگەر وەلامەکەی سەلبی بێت ، ئەوا ئیمە پرسیار ئەکەین ئەگەر جولانی ماددە هوی دروست بوون وپیش کەتنی قوناغ بە قوناغی زیندەوەکان بیێت وجولانی ماددە جولانیکی خودی یە بۆچی ئەتومی پروتینی یەکەم پیش کەوت وگەشەیکرد ، ئەتۆمە پڕو–تینەکانی تر . بە یارمەتی خودا لە ژمارەی داهاتوودا لە سەر باسی خومان ئەروین .



## ئیسلام رووناك كەرەوەی دلان

ئیسلام رووناکەرەوەی دلان

لە کۆن ونوێدا بەشوێن گەڕان ولێکۆڵینەوە مروڤی گەیاندۆتە ڕاستی .

ئەوەی لێرەدا ئەمانەوێ بیلێین ئەوەیە کە زۆر کەس خۆی لەم راستیە دور ئەخاتەوە دیاردەکانی ژیان وگەڕدوون بە پی ی بۆچون ولیکولینەوەی ئەم وئەو لێك ئەداتەوە .

لێرەدا پێ خۆشحالین کە ناوی چەند ئافرەت و پیاوێکی ڕاستی پەرست بخەینە بەر چاو کە خوا رووناکی ئیسلامی خستە دلیان وهاتنە سەر رێگای پیروزی ئیسلام بۆ وەلام دانەوەی ئەو کەسانەی کە ( یریدون أن یطفأوانور الله بأفواههم ویأبیٰ الله الا ان یتم نوره ولو کره المشرکون ) .

لەوانە ئەمانەی خوارەوە ناو ئەبەین :–

١– عبدولا ئەرشیبالد هامیلتۆن

٢– فاتیمە ئیرین

٣– ئەلبێرت بەرنارد بۆنجو سەروك كوماری گاپون

٤– ئۆسکار . جیم.بفۆس ( جەعفەر حەسەن عەلی ) سەرۆکی کومەلی ئیسلامی لغاسکو

٥– میستەر ئارسەر بەلفور .

٦– ئیبراهیم فو

٧– دکتور جەرمانوس ( پروفیسورلە زانکوی بودابست )

٨– محەمەد عەلی کلای پالەوانی بوکسین پیشەوای رەش پیستەکانی ئەمریکا .

٩– پروفیسور دونالد ریکیول

١٠– ر.ح فلورس ( قەشەیەکی ئنگلیزی گەورە ) .

وهەزاران هەزار کەسانی کە کە تیشکی خوری ئیسلام دەرونیانی روشن کردووە .

# ئەدەب و شۆڕش

ئەو ژیانە کەی ژیانە ؟ وەك کەوی بەندی قەفەس
ژێر چەپۆکی بێگانە بی و ژێر دەسەی پیاوی تەرەس
پەت لە مل بی ورات بکیشن هەر وەکو تانجی وەرەس
نامەوێ ئەو جورە ژینە دەك خوا تیدا بەکەس
قەف قەفی حەلقەی کەلەبچەت هەڵبرە وەك پالەوان
خۆت و منداڵت بە کوشت دە بۆ ڕەواجی کوردستان



ئەی وەتەن خۆمن بە ناحەق شەرکز وئاوارەنیم
ڕۆڵەکەی خۆتم بە پاکی دوژمن وخوێنخوارەنیم
چونکە ڕۆڵەی کوردستانم وەحشی وبەتیارەنیم
وا مەزانە کەوتە ڕۆژی خۆی وەها بێکارەنیم
سەیری مەغزی دوژمنت کە تێکەلی خوێناوەمە

هەوری بەختی کوردستانە شیوەن وگریان ئەکا.
نالە نالی بێ کەسانە جەرگ ودڵ بریان ئەکا
ڕەنگی قیژو هوری خەلقە دەیت لە ژێر چەرخی زەمان
ئاهی مەزلومانی برسی عالەمی ویران ئەکا
دوکەڵی قرچەی دەرونی بێ جلو بەرگ وژیان
بوبە هەورو وابە سەر کێوانەوە سەیوان ئەکا
هێندە جاوی بوو لە چاوی کوردستان فرمێسکی خەم
بێ تەماشاکە کە هەزاران تانجەرۆ وسیروان ئەکا





ئەی وەتەن مەفتونی تۆم وشێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندی وئەسارەت پێ بەتەوق وکۆتەوە
من لە زیکروفیکری تۆ خافل نەبووم وا تێ نەگەی
حەبس وتێ هەڵدان وزیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریک ولامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت گڕو گلپەو بڵێسەی تا ئەبەد ناکوژێتەوە
باسی مەحزونی وکەساسی خۆت مەکە تو خوا وەتەن
چونکە بەم باسە برینو زامەکەم ئەکولێتەوە



کوردی بی کەس بەسیەتی بەری هەنگاوی خەو
ڕوژی ئزادی ببینە بنا نەمینی سامی شەو
خوین بڕیژە لەش بنیژە قەت مەچیژە تامی خەو
چونکە قوربانی دەوی کوردی بی کەس هەڵهاتنی روی ڕوژی نەو

# هەندی یاسای پارتیزانی

شەری پارتی زانی

هەندی لە یاسا گشتی یەکانی

* بەرگری نەکردن لە شارە گەورەکان و هەندی ناوچەی تر لە بەر ئەوەی ئەم کارە کاری سوپای دەولەتە بەڵکو ئیشی سەرەکی یەتی .
* خۆلادان بە پێ ی توانا لە ڕوو بە ڕوو بونی دوژمن و لێدان و پاشە کشێ ی یەکسەری لە جیاتی ئەوە
* (ماوتسی تۆنگ) لە کتێبی (شەری پارتیزانی) دا ئەڵێت پێویستە ئەو دوو یاسایەی سەرەوە لە شەڕی پارتی زانی دا ڕەچاو بکرێت .
* داگیرکردنی خاك تەنها مایەی دڵخوشی نی یە ولە دەست دانی خاك مایەی نیگەرانی نی یە چونکە خاك وشار لە دەست دان گرنگی یەکی وای نی یە بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ئەو ڕێگەو شوێنانە بدۆزینەوە کە وا هێزی دوژمن تێك وپێك ئەشکێنی
* ئەوە ڕاست نی یە کە وا توانای خۆمان لە پێناو بەرگری‌کردن لە شارەکاندا بەکار بێنین چونکە ئەمە ئەبێت هۆی لە ناو چوونی بەشی زۆری هێزە چالاکەکانمان .
* لە شوێنێکی تردا ئەڵێت کاتێك دوژمن هێرش ئەبات یان لە ڕۆشتن‌دا ئەبێت ئێمە لەدواوە لێ ی ئەدەین وکاتێك ڕاوەستیت هەرەسانی ئەکەین هەر وەها (ماو) ئاگاداریمان ئەکا ئەڵێت :ـ

پێویستە لە سەر هێزی پارتیزانی یەکان بە پێ ی توانا خۆی لە شەری ڕوو بەڕووی ڕاستەوخۆ دوور خاتەوە چونکە ئەوە گرنگ نی یە کە هەزار سەربازی دوژمن بکوژین وخۆمان (٨٠٠) پارتی‌زان لە دەست بدەین ، چونکە لە شەڕی پارتی‌زانی دا ناتوانین گرنگیەتی پارتی‌زانەکان و چەك وفیشەك فەراموش بکەین .

* ـ(یانك لافی) لە کتێبی (کارو باری پیشمەرگەدا) ئەڵێت :ـ شەڕی پارتی زانی بریتیە لە ڕێگایەك بو گەلێکی داگیر کراوی ماف خوراوکە خۆبەدە ـ







ستوەدان رەت ئەکاتەوە

هەر وەها ئەڵێت ئەتوانم بەشەڕی پارتیزانی بڵێم (شەڕی شەنگە سوورە) (حرب الدبابير) !.... لەسەر پارتیزانەکان پێویستە کە بە پشتی دوژمنەوە بدەن وهێزی نەهێڵن ئەمەش بە لێدانێکی خێراو پاشە کشەیەکی خێرا ، لێرەدا ئەوەی پێویستە کە زۆر بوترێتەوە خێرایی یە لەبەر جیاوازی گەورەی نێـوان پارتیزانەکان وهێزەکانی دوژمن لە ڕوی ژمارەو چەشنی چەکەوە سەرە ڕای کە دوژمن شوێنی جێگیرو وئازوقەی باشی هەیە .

(بازیل‌لیدل‌هارت) لە کتێبی (ستراتیجی نزیکبوونەوەی نا راستەو خۆ)دا ئەڵێت لە شەڕی ڕزگاری‌خوازیدا پێویستە کە بە پێ ی توانا خۆمان لە شەڕی ڕوو بە ڕوو و ڕاستەوخۆ بپارێزین ، لە لایەن تەکتیکەوە لە وانەیە لەم جۆرە شەڕانە ژمارەیەکی زۆر لە پارتیزانەکانمان لە دەست بدەین کە لەوانەشە لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك پێشەڕاو پارتیزانی لێهاتوی‌تی دابێت ئەمەش ئەبێت هۆی تێکچونی ڕیزەکانی هێزی پارتـ ـیزانی یەکان وجموجوڵی هێزەکەش یەکی ئەکەویت ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەبێتە سارد بوونەوەی گیانی تێکۆشان وخەبات .

لە بەر ئەو هۆیانە یاسای (دەست بوەشێنەو ڕاکە) (أضرب وأهرب) باشترین وڕوناکترین دەربڕینە بۆ شەڕی پارتیزانی .

گرنگترین نهێنی لە نهێنییەکانی شەڕی ڕزگاری خوازی ئەوەیە کە شۆڕشگێڕەکان لە هەموو شوێنێك هەبن ، ولە هیچ شوێنێك شوێنەواریان نەبێت وباشترین ڕێگای لێدانیان لە دوژمن شەبەیخوندانانە بۆ هێزەکانی دوژمن .

ئەوەی کە هێزەکانی شۆڕش جیا ئەکاتەوە خێرایی جموجوڵ وگویزانەوەیان ، کوتوپڕ هێرش ئەباتە سەر دوژمن لەکاتی جوڵان و وەستاندا ، کاتێك دوژمن ئەکەوێتە لێدانی هێزەکانی وبنکەکەی کەسێك لە پیاوەکانی نابینێت ، و هیچ شتێك لە ئازوقەکانیان دەستگیر ناکات ، وهیچ شوێنەواریکی پاشەکشەیان نادۆزێتەوەو پێ‌نازانیت لە کاتێدا کە پارتیزانەکان گەڕاونەتەوە بۆ بنکەکەی خۆیان و خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ هێرشێکی کەو هەروەها

* ـ کەواتە پارتیزانەکان لە دوکەڵێکی ئاشکراوگەورە ئەچن کە کاتێك ئەزانی نامێنن وشوێنەواریان لە هیچ شوێنێك نی یە وەکو (لیدل‌هارت) ئەڵێت لە کاتێکدا کە سوپای دوژمن بنکەی جێگیرو نەجولاوی هەیە ئەتوانین بڵێین کە لە درەخت ئەچن کە گوێزانەوە وجولاندن گرانە بەڵام لێدانی ئاسانە ، بەپێ چاوانەوە کە بنکەی پارتیزانەکان. جێگیر نی یە جولاوە بەڵکو ئەوەی کە دیاردەی جیاکەرەوەیەتی ئاسانی جولاندنی بە خۆی وپیاوەکانی.

# نامەیەك

بـو هاوریکەم

پاش ریز وسلاو بو توی بەریز

برای بەریزم بە هوّی دوا کەوتنی وەلام دانەوەی توّوە نەم توانی لە ژمارەی دووەمی گوڤارەکەماندا وەلاّمی بەرێزتان بدەم وە داوای لیّبووردنت لیّ ئەکەم .

لە نامەکتدا نوسیبووت کە رەش بینم بەلام من ئەم حوکمەم بە زیاد زانی چونکە راستی بارو دۆخەکەم بو نوسیبووت بەلام ئیّستا بارو دوخی ساحەکە روونتر ئەبینم ئەگەر بلّیّی بوّ ئەلیّم لاوانی کوردستان خەریکن تەرو ووشکیان بو دەرئەکەویّت ئەوانەی لە پیّستی شیّردا خوّیان شاردوتەوە وەکو گویّ دریّژەکەی چیروّکی گویّ دریّژ لە پیّستی شیردا بوّ جەماوەر ئاشکرا ئەبن .بەلام برا گیان داوایەکی برایانەم لیّت هەیە ئەوەش ئەوەیە دەمی ئاموژگاریت گەیشتە هەر لاوە کورد یك لیّی بپاریرەوە کە بریقەی پارەی بازرگانەکانی ساحە نەیان خەلّەتینی دلّسوزیتی بوّ خاکە بریندارەکەی کوردستانی داگیرکراو میللەتی کوردی هەژار پالپیّوەنەری هاتنە سەر ریّگەی خەباتیان بیّت ئەگەر ئەم دلسوزیە و دلّسوزیەتی یە نەبیّت ئەوا هەر دوورە پەریزین باشترە . . ئیمە پیّویستە هەموو سیّدارەوکونجی تاریکی زندان وپوّپەی چیاکانی کوردستانمان لە بەر چاو بیت نەك سەر دانەواندن گیرفان پر کردن وئەم لا و ئەو لای ناسەرەکی ئەم ژیانە .

برای بەرێزم بوّت دوو بارە ئەکەمەوە ئەوەی کە شوّرشی میللەتەکەی خنکاندووە شەری لا بەلایە چونکە

برای بەریزم هەرکەس دلسوزی کوردایەتی یەکەی بوو هەزارو یەك زوّلە کوردی خوّیی دایئەپلوسن من بە ئاوا تەوەم کە ئیتر هەموو دلسوزیّکی میللەتی زولم لیکراوی کورد دەست بخەینە ناو دەستی یەکترو چاوی دوژمن کویّر بکەین و بە روویا هاوارکەین کوردستان یا نەمان .

ئیتر تا نامەی داهاتوو بە خوات ئەسپیرم





# کوردستان و ئیسلام

کوردستان وئیسلام

هەریمەکانی کورد نشینش وەکو هەریمیّکی تر بە سنگیّکی ئاوالّەوبە دلّیکی فراوانەوە پیشوازیان لە ئایینی پیروّزی ئیسلام کرد . چونکە بوّیان دەرکەوت کە ئیسلام راستەقینەیەو هوّی بەختەوەری وسەرفرازی گەلی کوردیشە ، وهەر وەها بوّیان دەرکەوت کە موسلّمانەکان نایانەویّ مافی میللەتی کورد زەوت بکەن وخاکەکەی لیّ داگیربکەن وبەروبومی بخوّن ، وە... هەندیّ لە هەلّخەلّەتاوەکان وسادەو نەزانەکان ئەلّیّن موسلمانەکان هاتوون کورد بکوژن هەقی بخوّن وبی چەوسیّنەوە ، بەلاّم خوّ ئاشکرایە بو هەر کەسیّك کە بیەویّ لە راستی بکولیّتەوە ومیّژوو شاهیّدە کە شورشگیرە موسلّمانەکان بوّ خاك داگیرکردن وتەماع نە هاتبوون بوّ کوردستان وبوّ ئەوەنەهاتبوون غدر...ان رەوابی یان بکەن ، بەلّکو هاتبوون بوّ ئازادکردنیان ورزگارکردنیان لە دەستی زوّرداران وچەوسیّنەران وبیّ باوەران و کوّیلەیەتی نموونەش بوّ ئەم راستی یە ئەوەیە کە نەك هەر لە کوردستان بەلّکو لەناو هیچ گەلیکی غەیرە عەرەب نەماونەتەوە جگە لە چەند کەسیّك بوّ فیرکردنی دەستووری ئاینی ئیسلام نەبیّ وگەراونەتەوە بوّ شوینی خوّیان،وکورد یش لە ژیر سایەی ئالاّی شەکاوەی ئیسلام دا بوّ ماوەیەك حەساونەتەوە وبەختەوەر بوون بەلّیّ دووای ئەوەی کە دوژمنانی ئایینی ئیسلام ومروّڤایەتی بوّیان دەرکەوت کە ناتوانن راستەو خو بەرەنگاری ئیسلام ببن چونکە تیشکانیّکی وایان بە خوّیانەوە دی کە هەتا هەتایە چاو ترساوی کردن ، ئەمەش بە هوی ئەوە بوو کە بویان دەرکەوت ئەم ئایینە راستەو هاوریّیانی خاوەنی باوەریّکی پاك ویتەون وخوای گەورە سەریان ئەخات ولە مردن ناترسن چونکە مردن لای موسلّمانی راستەقینە سەرەتای ژیانیّکی پر لە بەختەوەری وبیّ برانەوەیە . بو ئەمە کەوتنە خویان ،بو رژتنی رق وقینی خوّیان لە موسلمانان وئیسلام،بو کیشانی نەخشەو پلانیك کە ئایینی پیروزی ئیسلام وا لی بکەن کە خەلّك لیّی دور بکەرنەوە ولە بەر چاویان بکەویّت.

خوا ئەفەرموی ( يُريدُونَ أَن يطفئوانور اللّه بأَفواههم واللّه مُتِم نُورَه ولو كَرِهَ الكافِرُون ) واتە ئەیانەوی نوری خوا بە فوو بکوژیننەوە ،بەلاّم خوا تەواو کەری ئایینی خوّیەتی وبیّ باوەران ناتوانن نوری خوا بکوژیننەوە هەرچەندە زور پیّ یان ناخوش بیت . بەلّیّ دوژمنان زور هەولّیان دا کە فتنەی میللی یان دوروست کرد لە ژیر ناوی بە دروّ مافی قەومایەتی وپارچە پارچە کردنی نیشتمانی گەورەی ئیسلام دانانی سنووری سیاسی وهەولّدان بوّ خستنە سەر کاری خوّفروّش هەرچەندە بە هەر نرخێك بویان بکەویّ کە لە خولگەی سیاسەتی دوژمنانەی خویان دا بسوورینەوە وکەلّکیان لی وەربگرن بوّ هەلرژینی خوینی میللەتانی موسلّمان



میللەتی کورد یش لە کورد ستان دا هەمان خیانەتـــی هەتا هەتایە لە بیریان نەچێتەوە وبو ئاغا گەورەکـــە ی پیٚ کرا ، لە وانە د ورست کرد نی فتنەی قەومی وبلاَـ خویان ئەمە ریگای خوین خوٚر یان تەمیٚ ئەکا .
وبوونەوەی بیرو باوەڕی گلاٚوی سەر بە ئەم لا و ســــەر ( سیری الذین ظلموا ای منقلب ینقلبون )
بە ئەولا لە ژیٚر پەردەی ئازادی وسەربەخویی دا کـــە بوٚستەمکاران دەر ئەکەوی چ ڕوٚژێکی ڕەشـیـان لە راستی دا قورکرد ن بوو بەسەریدا . بەلا م ئاشکـرا تووش ئەبی٘ ..



بیٚ بوٚ هەموو ئەو د وژمنانەی کە خویان مەلاّس داوە لە کەمینی خیانەت وستەمکاریدا بوٚگەلا نی جیهان ، کـــە میللەتی موسلّمانی کورد ووریا بوٚتەوە وخاوەنی باوەڕی پاکی ئیسلامەو تەنها ئیسلام ئەکا بە بەرنامەی ژیانی خوٚی وئامادەیە لە رێگای ئیسلام دا بوٚ هەموو جــۆرە فیداکاری‌یەك بوٚکوتا کردنی دەستی دوژمنانی لـــە کوردستانی خوشەویستدا کە سالّەهای سالّە لەژیٚـر باری عەجەم وعەرەب دەنالێنیٚ کوردی موسلمانی بەش خوراو وستەم دیدە وچەوساوە زووریا بوتەوە ویەك ئەـ گریٚ وتیٚ ئەکوشیٚ وئیسلام ئەکا بە رابەرو پیشەوای خوـ یی وتەختی فاشیستەکانی بەعس وهەلگەراوەکان لـــە ئایین تیٚك وپێك ئەدا وبەختەوەری وئازادی بو خوٚی ئەستینیٚ ودەرسێکی وەهای بەعسیەکان ئەدا کـــە




سەربەستی تەنها لە
لوولەی تفەنگەوە ئەسێنرێت